# له پەراوێزی ئەرکی ڕۆژنامەگەریدا

سمکۆ عەبولکەریم

ئەگەر بمانەوێ باس لە ئاستی ڕۆژنامەگەری کوردی بکەین ، بەو مانایەی چەند بە پێی خەسلەتەکانی ڕۆژنامەگەری جیهانی کاری کردوە ، ئەوە پێم وایە زۆر زەحمەتە ، بەڵام ئەگەر لە سەر ئاستی نێوخۆ لێبدوێن ، ئەوە شتێکی ترە ، هەرچەندە مێژووی ڕۆژنامەگەری بەمانا دروستەکەی ئەگەر بمانەوێ بە پێی پرنسیپە تازەکانی ڕۆژنامەگەری قسەی لێوە بکەین ، ئەوە دەتوانین لە دوای ڕاپەرینەوە قسەی لێوە بکەین ، چونکە هەموو ئەو ڕۆژنامانەی پێشوترو دواتریش دەرکەوتون کەمتر ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریان جێبەجێکردوە ، بەڵکو ئەو ڕۆژنامانە زیاتر بلندگۆی حیزب و مینبەری ئایدۆلۆژی و بیری نەتەوەی بوون ، تا ئێستاش ڕۆژنامەمان هەیە لە نەشرەی دیوار دەچێ و مانشێتەکەی دروشمی سەر لافیتەی بۆنەو یادەوەرەیەکانە ، زۆرگوناحە زۆرشت کە دەکرێ بە شێوازی دیکە کاری بۆ بکرێ بێین بیخەینە ئەستۆی ڕۆژنامەگەری کوردی ، و بزاوتی ڕۆژنامەگەری کوردی بە ئاراستەی دیکەدا بەرین ، دیارە وەك ئاماژەم بۆکرد ڕۆژنامەگەری کوردی لە بەر ئەوەی تا ئێستا نسیبەکەی بە دەستی حیزبەوەیە ، نەیتوانیوە بە ئەرکی سەرەکی و ڕاستەقینەی خۆی هەستێ ،ئەگەرنا بۆچی ڕۆژنامەکانی ئێمە تا ئێستا ڕووپەڕی پێشەوەیان خستۆتە خزمەت پەیامە سیاسییەکان و ، کەمتر بایەخ بە هەواڵە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان دەدەن ؟ ئەو بزاوتە ڕۆژنامەگەرییەی لە دوای ڕاپەرین بزاوتێکی حیزبی بوو ، زۆربەی ڕۆژنامەکان ئۆرگانی حیزب بوون ، بەو پێییەش ڕۆژنامە حیزبییەکان ڕەنگدانەوەی سیاسەتی حیزبن لە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی لە ئارادان ، کەواتە سیاسەتی حیزب بڕیاری دەدا ئەو شتە بلاوبکرێتەوە یان نا ، کاتێك حیزب بە هۆی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیەوە تێڕوانینی لە بەرامبەر حکومەت یان فلان حیزب دەگۆڕێ ، ئیتر ڕۆژنامەکەی دەکەوێتە بلاوکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی بە درێژایی ئەو ماوەیە ڕوویانداوە و بەسەر یەکدا کەلەکە بووە ، واتە بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان بوونەتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی توخنی فەسادی ئیداری و کۆمەڵایەتی و سیاسی نەکەوێ ، ئەگەر جاروباریش ئاماژەیەك هەبووبێ ئەوە وەك ئەرکە ڕۆژنامەگەریەکەی نەکراوە ، بەڵکو بە بەرنامەو مەبەستێکی دیاریکراو کراوە ، لەم ڕووەوە ئێمە لە دوای ڕاپەرین ئەزموونی گۆڤاری گولانمان هەیە کە تەجروبەیەکی زۆر سەقەت بوو لە خستنەڕووی فەسادی ئیداری کە لەو کاتەدا پێی هاتە مەیدان ، بۆیە من پێم وایە تا ململانێکان بەو ئاراستەیە ببردرێ و ، لە جیاتی خستنەڕووی شتەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان ، بۆ ملشکاندنی یەکتری بێ ، ئەوە پێم وانیە ڕۆژنامەگەری کوردی بتوانێ ئەو ئەرکە پڕبایەخە جێبەجێبکات ، لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆژنامەگەری کوردی لە جیاتی ئەوەی ڕۆلی هەبێ لە خستنە ڕووی فەسادی ئیداری و سیاسی و کۆمەلایەتی ، کەچی کەنالێك بووە بۆ پەردەپۆشکردنی ، لە دوای ڕاپەرینەوە ڕۆژنامەکانی کوردستان جگە لەوەی بە مەبەست و بە ئاشکرا ئەوەیان کردوە ، بەڵام هەندێجار بەبێ ئاگاییەوە ئەوەیان بەسەردا شکاوەتەوە ئێستاش هەیە ، کاتی خۆی چەندین ڕێکخراوی خیرخوازی کە سەرمایەکی زۆریان بە ناوی ئەنجامدانی پڕۆژەی جۆراو جۆر دەهێنایە کوردستان ، و دەستیان بە ئەنجامدانی پڕۆژەکان دەکرد ، لەگەڵ یەکەم هەنگاودا دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان دەبردە شوێنی پڕۆژەکە بۆئەوەی لە ڕێگەی ڕۆژنامەو تەلەفزینەکان باس لە گەورەیی و گرنگی پڕۆژەکانیان بکەن ، و دواتر دوای بلاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەکان وەك بەلگەیەکی زیندو دەیانناردەوە ئەو شوێنەی کە پارەکەیان لێوە هێنا بوو ، بۆ ئەوەی پێیان بلێن پارەکە بە ئەمانەتەوە گەیشتۆتە شوێنی خۆی ، بەڵام دواتر

پرۆژەکە بە نیوەچڵی یان بە سەقەتی بە جێدەهێڵدرا و باقی پارەکەش خیت دەکرا ، دواتر چەندین رۆژنامە بەناوی ئەهلی و سەربەخۆ و ئازادەوە هاتنە مەیدان ، کەمن پێم وایە هەموو ئەو رۆژنامانەش بە شێوەیەك لە شێوەکان پاشکۆی حیزبن ، ئەگەرچی تۆزێك کراوەتر و جیاواز لە رۆژنامە حیزبییەکان خۆیان ناساندوە ، خالێك کە ناکرێ ئاماژەی بۆ نەکرێ ئەوەیە کە هەموو ئەو بابەت و هەوالانەی لە رۆژنامە حیزبییەکان بلاْوناکرێنەوە مانای بەرتەسکی بیروڕای ئازاد ناگەێنێ ، بەقەد ئەوەی پەیوەندی بەکرچوکالی بابەتەکەوە هەیە ، بۆیە دەبینین لە بەرامبەر ئەوەدا وەك رەدفعلێك و نیشاندانی جیاوازی ، رۆژنامە ناحیزبییەکان هەموو ئەو بابەت و هەوالانە بلاْو دەکەنەوە ، بە تایبەتی ئەمە لە سایتەکانی ئینتەرنیتدا زۆر بەزەقی هەستی پێدەکرێ .